# بانگەواز: بۆ خەڵکی ئازادیخوازو بەشەرەفی هۆڵندا و بۆ هەرکەسێک کەناسنامەی ئینسانی ئەولەویەتە بۆی

ئێمە دەستەیەک لە خەڵکی عێراق دانیشتووی هۆڵندا دوای بەدواچوون و خوێندنەوەی بەیانی دامەزراندن و مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عێراق،بەو ڕاستیە گەیشتین کە بەرنامەو ئامانجی کۆنگرەی ئازادی عێراق تەنها ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوونی گەل وخاکی عێراق لە ئێستاو داهاتوودا بەپێی ئەو ئامانج و بەرنامە ڕۆشن ودیاریکراوەی کۆنگرە ، کە دوورە لە هەرجۆرە سازش و ساتوسەودایەک لەپێناو دەسکەوتێکی کاتی بە مەنفەعەتی توێژێکی هەلپەرست کەداهاتووی عێراقی بۆ مەبەست نیە .
هەرچۆن جەماوەر لەسەردەمی حوکمی دیکتاتۆری سەدامدا دووچاری چەندەها زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەو دەربەدەری و سەرکوت و ئاوەریی ببوو،ئێستاش بەهۆی سڕینەوەی ناسنامەی عێراقی و ئینسانی و سەپاندنی ناسنامەی قەومی و تایەفەگەری و مەزهەبی ،بۆتە قوربانی یەکەمی ئەو هەلومەرجە دژوارەی کە ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێ .
دوای پەیوەندیمان بە نوێنەرانی دەرەوەی کۆنگرەی ئازادی عێراق ،بەو ئیتیفاقە گەیشتین کە کۆمیتەیەکی ئامادەکار سازدەین بەمەبەستی دامەزراندنی(فەرعی کۆنگرەی ئازادی عێراق) لە هۆڵەندا بۆ بەشداری و هاوکاری خەباتی دۆستان و هاوڕێیانمان لە ناوەوەی عێراق،وە لەم پێناوەدا بانگەوازمان ئاڕاستەی سەرجەم کەسایەتی و لایەن و حیزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوە و هەر دەستەو تاقمێک دەکەین لە هۆڵەندا ، کە لەڕووی ئامانج و بەرنامەیەوە هاوئاهەنگی و نزیکایەتی لە بنەماکانی مەنشوری کۆنگرە ئازادی عێراقەوە هەیە،پەیوەندی خۆیان بە کۆمیتەی ئامادەکارەوە ڕابگەیەنن بۆ بەستنی ( کۆنگرەی دامەزراندنی) فەرعی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە هۆڵەندا .

2006-5-20

کۆمیتەی ئامادەکار:


سلام الربیعی 0207853367 0652086398

Ads1775868@tiscali.nl

استیره فاتح asterafatih@yahoo.com

طه معروف tahamaruf@yahoo.com


www.ifcongress.com